عەلی حەمەساڵح: هەفتەی داهاتوو موچەی مانگی شوبات دابەش نەکرێت بەغداد موچەی مانگی ئازار نانرێت



عەلی حەمەساڵح ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەهەشداریەکدا رایدەگەیەنێت، ئەگەر هەفتەی داهاتو موچەی مانگی (شوبات/2)ی ئەمساڵی موچەخۆرانی هەرێم دابەش نەکرێت، حکومەتی فیدراڵی موچەی مانگی (ئازار/3)ی 2024 رەوانەی ناکات.

عەلی حەمەساڵح لەهەژماری تایبەتی خۆی لەژێر ناوی (هەشداری) باڵوێکردۆتەوە، "هەفتەی داهاتو موچەی مانگی (شوبات/2) دابەش نەکەن، بەغدا موچەی مانگی (ئازار/3) رەوانەی ناکات". رونیشیکردۆتەوە، "بەغدا 608 ملیار دیناری ناردووە و وتوێتی، لیستی موچەی فەرمانگەکانی دیکەی بنێرن کەی گشتی موچەکەی دەنێرم".

دەشڵێت، "ئەگەر بەرپرسانی هەرێم هەفتەی ئایندەی موچەی مانگی (شوبات/2) دابەش بکەن، لەی ماوەی 10 ڕۆژدا موچەی مانگی (ئازار/3)ش دەنێرێت، واتە: هەتاوەکو موچەی مانگی شوبات دابەش نەکەن، موچەی مانگی ئازار نانێرن، ئەمەی لەکاتکدایە، بەغدا داوای نەوت و داهاتی ناوخۆشی لەی هەرێم نەکردووە".